# ڕەهەندەکانی ئیتنۆلۆژی لە هونەرەی شیوەکاری هاوچەرخدا


**م.ی.شیروان علی حەمەخان**

**بەشی شێوەکاری - کۆلێژی هونەر - زانکۆی سلێمانی**



**ژمارە و بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی: ٤٨/٩/٢٧ لە ٢٠١٩/٢/١٧**


**پێشەکی:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین باس لە پەیوەندی زانستی ئیتنۆلۆژی لەگەڵ هونەری شێوەکار لە خۆرئاوا بکەین و رونی بکەینەوە کەچۆن ئەم پەیوەندییە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر پرۆسەی خۆتازەکرنەوە و ڕەخنەگرتن لە کۆی پرۆسەی هونەری شێوەکاری هەر لە سەرەتاکانی دروستبوونی هونەری کلاسیکی مۆدێرن تا هونەری هاوچەرخ هەبوە.

سەرەتاکانی ئەو کاریگەرییانەی ئیتنۆلۆژی لەسەر هونەی شێوەکاری لەسەرەتادا ناساندنی کولتورەکانی دەرەوەی خۆرئاوا بو لە رێگەی گەشتە زانستییەکانی هونەرمەندان لەسەرەتای سەدەی نۆزدە لەگەڵ توێژەرە ئیتنۆلۆژەکان بۆ وڵاتانی ئاسیا و ئەفەریقا ئەمەریکای باشور. ناساندنی ئەم کولتورە جیاوازانە چەندین فۆرمی نوێی"نامۆ"ی بە هونەری کلاسیکی مۆدێرن ناساند ،بەتایبەتی سوریالییەکان. بەڵام لەدوای شەشتەکانەوە کاریگەرییەکە بە تەنها ئەوە نەبوو کە ناساندنی فۆرمی" نامۆ "ببێت بە بەشێك لە هونەری شێوەکاری، بەڵکو ناساندنی کولتورەکانی دەرەوەی خۆرئاوا وەک کولتوریکی جیاواز و خاوەن دیدێکی تر ببێت بە بەشێك لە هونەری شێوەکاری. ئەمەش کارێکی وایکرد لەدوای پرۆسەی گلۆبالیزمەوە کلتورەکانی تر لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هونەر بەشداربن و پەراوێز نەخرێن.

**گرفتی توێژینەوە:**

هونەری شێوەکاریی مۆدێرن لە خۆرئاوا هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە وەک هونەرێکی یونیڤێرساڵ (؟) خۆی ناساندووە و، وەک کۆتایی مێژووی هونەری شێوەکاری جیهانیش خۆیبینیوەتەوە، کە لە هونەری گریکی دێرین تا رێنیسانس و هونەری کلاسیکی مۆدێرن بەردەوامبووە. ئەمەش مێژووی هونەری خۆرئاوا وەک پرۆسەیەکی داخراو و تەواوکەری یەکتر دەبینێت و لەناو مێژووی هونەری خۆشییەوە گەشە دەکات و خۆشی وەک جیهانێکی سەربەخۆی خاوەنی سیستەمێکی تایبەت بە خۆی دەناسێنێت. ئەم دیدە هونەرییە تا دوای جەنگی جیهانی دووەم وەک دیدێکی سەرەکی نەک تەنها لە وڵاتانی خۆرئاوا و ئەمەریکا، بەڵکو لە ناو کولتوورە جیاوازەکانی دەرەوەی خۆرئاواش دووبارە بەرهەمهێنرایەوە. ئەم پرۆسەیە هۆکاریکیشبوو کە هونەری شیوەکاری کلتورەکانی تری دەرەوەی خۆرئاو بەهەندوەرنەگیرێت و پەراوێز خرێت.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێشاندانی کاریگەری ئیتنۆلۆژیە لەسەر هونەری شێوەکاری هاوچەرخ لە خۆرئاوا, کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی هونەری کلاسیکی مۆدێرنەوە وایکرد هونەری شێوەکاری زیاتر بەرەو دەرەوەی جیهانی

هونەر هەنگاو بنێت  و پەیوەندی لەگەڵ دیسیپلینە زانستیەکان و کلتورەکانی تر بدۆزێتەوە و پراکتیزەکردنی هونەر تەنها بە مێژووی هونەری خۆرئاواوە پەیوەست نەکات ، چونکە هەموو کولتوورێک خاوەنی دیدێک و شێوازێکی تایبەتی هونەرییە. ئەم گۆڕانکاریە لە بزووتنەوەی دادا و سوریالییەکان  و فوتوریستەکانەوە دەسپێدەکات تا هونەری دوای شەستەکان (هونەری هاوچەرخ)،هەرچی هونەری دوای نەوەدەکانی سەدەی بیست زۆرتر بەرەو هونەری گلۆبال هەنگاوی نا.

**میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی شیکاری بەکاردەهێنین تا بتوانین ڕەهەندەکانی ئیتنۆلۆژی لە هونەری شیوەکاری هاوچەرخدا بەرجەستەبکەین.

**پلانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە لەسەرەتادا بەو پرسیارو گریمانانە دەستپێدەکات کە چۆن لەسەرەتای دروستبونی هونەری مۆدێرنەوە ئیتنۆلۆژی کاریگەری لەسەر هونەری شیوەکاریی هەبوە و ئەم کاریگەریەش فراواندەبێت تا هونەری هاوچەرخ، واتا تادوای  قۆناغی شەستاکان، بەردەوامبوە. بۆیە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم توێژینەوەیە بەباشی دەزانیین توێژینەوەی ناوبراو پۆلێن بۆ ئەم تەوەرانەی لایخوارەوە بکەین . تەوەری یەکەم: ڕەهەندەکانی ئیتنۆلۆژی ( ئیتنۆلۆژی بەپیی لیڤی شتراوس و میشێل فوکۆ)، تەوەری دووم: ئیتنۆلۆژی و هونەری مودێرنە (سوریالیەکان)، تەوەری سێهەم: هونەری شێوەکاری هاوچەرخ (جوزیف کوسوت، جۆزیف بویس، مارسێل بروتارس، هونەری دوای نەوەدەکان)، لەکۆتایشدا بەختەنەرۆری چەند دەرئەنجامێک کۆتایی بە توێژینەوەکە دەهێنین.

**وشەکلیل:**

ڕەهەند، ئیتنۆلۆژی، هونەری هاوچەرخ

**ڕەهەند:** (دوری، Dimension) لێرەدا مەبەست لەو دیدگەیەیە ئیتنۆلۆژی لەناو هونەری شێوەکاردا دروستیکردوە.

**ئیتنۆلۆژی:**  ئیتنۆلۆژی (Ethnology)،  یان ڕەچەڵەکناسی، لقێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان و، ریشەی ئەم وشەیەش لە وشەی (ethnos) ی یۆنانیەوە سەرچاوە دەگرێت. ئیتنۆلۆژی،  یان ڕەچلەکی گەلان، زانستێکە کە لە مێژویی گۆڕانکاری کۆمەڵایاتی و لە تایبەتمەندییە زمانەوانی و کولتووری و نەژادییەکانی گەلان دەکۆڵێتەوە ، لە سەرەتادا لەگەڵ دروستبوونی سەردەمی کۆلۆنیالیزم سەرهەڵدەدات و توێژەرە ئیتنۆلۆژەکانیش لە ڕێگای گەشتە زانستییەکانیانەوە، زانیارییان لەسەر ئەو میلەتانە کۆدەکردەوە کە سەردانیان دە کردن. (Krischke1985: S 7 )

**هونەری هاوچەرخ:** چەمکی هونەری هاوچەرخ contemporary art (هونەری ئێستا) بەشێوەیەکی گشتی زیاتر بەو ستایلە هونەریانە دەوترێت لەدوای ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیست دەرکەوتن و خۆیان لە هونەری مودێرنە جیادەکەنەوە. هونەری هاوچەرخ پەیوەندی بەچەمک و ستایل و ماتریالێ کاری هونەریەوە نیە و خۆشیان بە ستایلێکی یان کۆنسێپتێکی هونەری دیاریکراوەوە نابەستننەوە. یەکێک لەو جیاوازیانەی  کە هونەری هاوچەرخ لەگەڵ هونەری مۆدێرنەدا هەیەتی، ئەم هەوڵیدا خۆی لەگەڵ دیسیپلینە زانستیەکانی تر نزیک بکاتەوە بە میتۆدی ئەوان کاربکات، لەهەمانکاتدا هونەر زیاتر بە کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی گرێ درایەوە. ( *Butin 2006: S*)

**تەوەری یەکەم: ڕەهەندەکانی ئیتنۆلۆژی ( ئیتنۆلۆژی بەپیی لیڤی شتراوس و میشێل فوکۆ)**

زاراوەی ئیتنۆلۆژی  Ethnology  ئاراستەیەکی ناو ئەنترۆپۆلۆگیە Anthropology کە لەسەدەی هەژدەدا بۆ شیکاریکردنی خەسڵەتە جیاوازەکانی کولتورە جیاوازەکان و پەیوەندی نێوانیان سەریهەڵداوە.( Krischke1985: S

7) تـوێژەرە ئیتنۆلۆژەکـان، لەڕێـی گەشـتی زانسـتییەوە دەچـوونە وڵاتـانی دەرەوەی خۆرئـاوا و زانیارییـان لە سـەر کولتوورەکـانیتر کـۆدەکردەوە، بەڵام ئەو تـوێژەرانە لەڕێـی ئەزمـوونی زانسـتی پێشـوەختی نـاو کولتـوری خۆیـان لێکۆڵینەوەکانیان کردووە نەك لەڕێی تێکەڵبوونیان لەگەڵ کولتوری ئەو شـوێنەی لێکۆڵینەوەکەیـان لەبـارەوە کـردووە. بۆیە ئەم بەریەککەوتنە لە سەرەتادا لەگەڵ کولتورەکانی تر شێوەیەکی پاسـیڤ وەردەگرێـت، بەڵام ئیتنۆلـۆژی لەگەڵ دەرکەوتنی کۆلۆنیالیزم ئاراستەیەکی تەواو کۆلۆنیالیستی وەردەگرێـت. ئەمەش وادەکـات کولتـووری خۆرئـاوا خـۆی وەك کولتورێکی نێوەندی و دەرئەنجامی کۆتایی مێـژووی مرۆڤایەتی ببینێـت و کولتورەکـانی دەرەوەی خۆشـی وەك بەشـێك لەو مێـژوە سـەیربکات. کاتێـك تـوێژەرە ئیتنۆلۆژەکـان بـاس لە کولتورەکـانی تـر دەکەن، ئەو کولتـورانە وەك کولتورگەلێکی نامۆ، کێوی یان سەرەتایی ناودەبەن. بەڵام ئەوەی لەم تـوێژینەوەیەدا کـاری لەسـەردەکەین ئیتنۆلـۆژی ستروکتوورالیسـتییە کە لەسەردەسـتی کلـود لیڤـی شـتراس و میشـێل فوکـۆ گەشـەیکردوە، لە دوای شەسـتەکانەوە وەرچەرخانێکی نوێی بەسەر ئیتنۆلۆژیدا هێناوە. هەروەها ئەو گۆڕانکارییەی هاتۆتەسەر تـوێژینەوە ئیتنۆلۆژیەکـان و کاریگەریان لەسەر هونەری شێوەکاری لە دوای شەستەکانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو بەجێهێشتوە.

ئامـاژە بـۆئەوە دەکەیـن کە لیڤـی شـتراوس (Claude Lévi-Strauss) لە گەشـتەکانی بـۆ کولتورەکـانی دەرەوەی خۆرئاوا، بەتایبەتی لێکوڵینەوەکانی لەسەر وڵاتانی ئەمەریکای باشور، بە دیدێکی جیاوازتر لە ئیتنۆلۆژەکانی پێشخۆی کـاریکردوە. شـتراوس لەم بەریەککەوتـنەی لەگەڵ کولتورەکـانی تـر، کە بە کولتـورگەلی سـەرەتایی ونـامۆ نـاودەبران، نەدەگەڕا بەدوای دۆزینەوەی مێژوویەکی کۆن یان ونبووی تایبەت، کە لێکۆڵەرەوە ئیتنۆلۆژەکانی پێشخۆی لەسەر ئەو کولتورانە دروستیان کردبوو، بەڵکو دەیویست لەناو جیاوازییەکانی ئەوجـۆرە کولتـورانەدا پەیوەنـدیەکان بـدۆزێتەوە. لە کتێبـی "هـزری کێـوی" (The Savage Mind) ١٩٦٢دا شـتراوس بەڕونـی بـاس لە جیـاوازی نێـوان هـزری زانسـتی خۆرئـاوا و هـزری ئەفسـانەیی کولتورەکـانی تـر دەکـات کە دوو پرۆسـەی ئەقڵـین و هەردووکیشـیان کـار لەسـەر سیستەمێکی تایبەتی بەخۆیان دەکەن، نەک وەک ئیتنۆلۆژەکانی پێش شتراوس کە پێیانوابوە هزری زانستی خۆرئاوا شێوەیەکی پێشکەوتووتری هەیە لە هزری ئەفسانەیی یان جـادووگەرایی کولتـورە غەیـرە خۆرئاوایەکـان. "جـادوو و زانست دوو جـۆری زانیـنن کە لەڕووی سـەرئەنجامە تیـۆری و پراکتیکییەکانیـانەوە بە یەکتـری یەکسـانین، بەڵام ئەم نایەکسانیەیان جۆری پرۆسە ئەقڵییەکان ناگرێتەوە کە پێشـمەرجی هەردووکیـانن و کەمتـر بەگـوێرەی سروشـتیان لە یەکتری جیاوازن، بەڵکو بەهۆی ئەو تەرزانەی دیـاردەوە لە یەکتـر جیـادەبنەوە کە ڕوویـان تێـدەکەن" ( Lévi-Strauss 1968: S 25 ) جیاوازییەکە لای شتراوس ئەوەیە، پرۆسەی بەرهەمهێنانی هـزری زانسـتی لە خۆرئـاوا لەنـاو مێـژووی چەمکە زانینیەکانی خۆیەوە سیستەم دروسـتدەکات، بەڵام هـزری جـادوویی لەنـاو ڕووداوە ڕۆژانییەکـانییەوە لەگەڵ بیـرەوەری کـۆی سیسـتەمەکە زانـین دروسـتدەکات. کەواتە ئەم دوو جـۆرە هـزرە هەردووکیـان بە جـۆرێکی جیـاواز سیسـتمێك بەرهەمـدێنن. لێـرەوە کولتورەکـانی تـر لای شـتراوس وەك کولتـورێکی سـەرەتایی سـەیرناکرێن، چـونکە ئەوانیش هزرێکی سیستەماتیك بەرهەمدێنن و، لە شوێن و کولتوری خۆیانـدا تێڕامانیـان لەگەڵ دەورەبەری خۆیانـدا هەیە و لێکۆڵینەوە دەکەن. بەمجۆرە شتراوس ئەو دیدە کۆنە هەڵدەوەشێنێتەوە کە هزری زانسـتی خۆرئـاوا خـۆی بە تاکە سەرچاوەی بەرهەمهێنەری زانین ببینێ و کولتورەکـانی تـر وەك هزرێکـی نازانسـتی تەماشـابکات بەواتـایەکی تـر شـتراوس ئەو مەودایەیـی لێکۆڵینەوەکـانی پـێش خـۆی لەگەڵ کولتورەکـانی دەرەوەی خورئـاوادا دروسـتیانکردبو دەسڕێتەوە و، ئەم کولتورەش وەک کولتورێکی نامۆی دەرەوەی خۆی سەیری ناکات، بەڵـکو وەك پێگەیەکـی کولتـوری جیاواز لە دەرەوەی خۆی دەیبینێت. هەروەها هزری زانستی خۆرئاواش بە تەنها بەرهەمهێـنەری ڕاسـتی یونیڤێرسـاڵ

دانانێت، بەڵکو هەموو کولتوریك توانای بەرهەمهێنانی ڕاستییان هەیە. بەمشێوەیە، هەر بونیادێك بۆ ڕاستی دەبێت لەناو ئەو پەیوەندییە سیاسی، کولتوریی کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا بەرهەمهاتووە بخوێنرێتەوە. ( Foucault 1996: S 178)

یەکێکی تر لەو گوڕانکارییانەی هاتەسەر ئیتنولۆژی لەژێر کاریگەری نووسینەکانی میشێل فوکۆ ( Michel Foucault) دابوو. جیاوازتر لە شتراوس، فوکۆ پێی وایە دیدی ئیتنۆلۆژی بۆ کولتورەکانی تر، دیدێک نییە بە تەنها لە ڕێی مامەڵەکردن لەگەڵ کولتورەکانی دەرەوەی خۆرئاوا دروستبوو بێت. فوکۆ دەیەوێت بونیادی دروستبوونی ئەو دیدانە بۆ کولتورەکانی تر لەناو مێژووی هزری ڕاشنالێتی (ئەقلگەرایی) خۆرئاوادا بدۆزێتەوە. دروستبوونی وێنەی کولتورەکانی تر، " واتە ئەوی تر"، لەناو ئیتنۆلۆژیدا بە تەنها دیدێك نییە کە بۆ کولتورەکانی دەرەوەی خۆرئاوا بەرهەمهاتبێت، بەڵکو ئەم پرۆسەی خۆجیاکردنەوەیە لەناو دیدە جیاوازەکانی خودی مێژووی کولتوری خۆرئاوا ئامادەیی هەیە کە بەردەوام لە ڕێی هزری ڕاشنالێتییەوە سەرکوتکراون. فوکۆ لە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر مێژووی دروسبوونی نەخۆشخانەی دەروونی و بەندیخانەکان، دەیەوێت مێژووی دروستبوونی دەسەلاتی زانین لە بوارە جیاوازەکانی زانست لە خۆرئاوادا بخاتەڕوو. هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی مێژووی هزری ڕاشنالێتی دەدات کە خۆی وەك تاکە هزرێکی یونیڤێرساڵ دەبینێت. بەبۆچونی فوکو مێژووی دروستبوونی هەر کولتورێک دەبێت لەگەڵ دروستبوونی مێژووی سیاسی و دەسەلاتەکەی جیانەکرێتەوە. (Foucault1996: S 178) بە شێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین لای شتراوس ئیتنۆلوژی وەك لێکولێنەوە لەسەر کولتورەکانی تر دەمێنیتەوە، بەلام کولتورەکانی تر وەک کولتورێکی جیاواز دەبینێت. لای فوکۆ دیدی ئیتنۆلۆژی دەگەڕێتەوە ناو خودی کولتوری خۆرئاوا کە وێنەی "ئەوی تر" لەناو مێژووی دروستبوونی کولتوری خۆیدا دەدۆزێتەوە، بەمجۆر ئیتنۆلۆژی دەبێتە میتۆدێك بۆ لێکۆڵینەوە لەخودی کولتوری خۆرئاوا. (Schott1997: S 155)

ئەگەر ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بە دیدی فوکۆ لەناو ئیتنۆلۆژیدا باس لە هونەری خۆرئاوا بکەین، دەبێت پێشوەخت لە دروستبوونی مێژوویی هونەری خۆرئاوا بکۆڵینەوە لە پەیوەندی لەگەڵ مێژووی سیاسی و دەسەلاتی خۆرئاوا. "کێشەکە بەڕوونی ئەوەیە کە بۆمان یەکلابێتەوە چ کاریگەرییەکی دەسەلات لەنێو گۆتە زانستی و ئیشە هونەریەکانماندا لە گۆڕێدان. ئەمەش بەومانایە دێت کە ڕێکخستنەوەیەکی نوێی دیسکۆرس لە هونەردا سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە و سەرجەم ئوسەمبلی پراکتیکەکان لە هونەردا کە دەسەلات زامن دەکەن، بخرێنە ژێر پرسیارەوە. گومانی ناوێت کە هونەر شوێنی ئازاد و ڕاستی و ڕەهای نییە، بەڵکو هونەر پراکتیکێکە بەڕیزێك دامەزراوە و پێویستی سیاسی و، ڕێسای کۆمەڵایەتی و میکانیزمی ئابورییەوە بەندە کە بەبێ ئەوان بوونی نیە" ( Weibel 2004: S 141)

**تەوەری دووەم: ئیتنۆلۆژی و هونەری شێوەکاری مودێرن**

یەکێک لە دیدە سەرەکییەکانی هونەری شێوەکاری مۆدێرن ئەوەبوو کە سنوورەکانی ' هونەر' و ' نا -هونەر' تێپەڕاند و، ئەمەش هۆکارێک بو کە هونەر لە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆی و دیسیپلینە زانستییەکانی تر بەردەوام خۆینوێکاتەوە. دەکرێت بەشێوەیەکی تر بڵێن کە، هونەری مۆدێرن بەبێ دیسپلینە زانستیەکانی تر ئەستەم بوو ئەم گەشەکردنە بەخۆیەوە ببینێت. ئەم پەیوەندییەی هونەری شێوەکاری بەتەنها لەگەڵ ئیتنۆلۆژیدا نەبووە بەڵکو لەگەڵ بەشەکانی تری زانستدا بووە لەوانە بواری دەروونناسی و بابەتی "نەست" (نائاگایی) لەوبوارەدا.

بەشێوەیەکی جیاوازتر لە ئیتنۆلۆژی، لێکدانەوەی دەروناسیانە بۆ "نەست" وەک دۆزینەوەی جیهانێکی نوێ بەرامبەر بە کولتوری ئاگایی دەرکەوت. ئەم دوو بابەتەی ناو ئیتنولۆژی و دەروونناسی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر

مێژووی هونەری شێوەکاری مۆدێرن هەبووە بەتایبەتی لای سوریالییەکان. تێزەکانی سگمۆند فرۆید لەسەر جیهانی "نەست"کاریگەری زۆر لەسەر هونەرمەندانی سوریالی هەبو، وەک ئەندریە بیرتۆن André Breton ، سلڤادۆر دالی Salvador Dalí و ماکس ئیرنست Max Ernst. (فۆتۆ ١،٢ ). هەرلەم بارەیەوە بریتۆن دەڵێت: "من بڕوام بە توانەوەی ئەو نیوەندە دروستکراوەی نێوان خەو و ریالیتی لەناو ریالتییەکی رەهادا هەیە" (Bretont 1976: 21) بەڵام جگە لە گرنگیدان بە جیهانی نەست هونەرمەندە سورپالییەکان لە پەیوەندیدابوون لەگەڵ لێکۆڵەرەوە ئیتنۆلۆژەکانی سەردەمی کولونیالیزم، وەک: هونەرمەند هێنری روسۆ Henri Rousseau (فۆتۆ ٣). لەو سەردەمەدا هەندێک لە وڵاتان ببوونە شوێنی لێکوڵینەوەی هەندیک بواری زانستی لەوانە: بۆتانیک، ئەنترۆپۆلۆژی، ئیتنۆلۆژی و زۆربەی ئەو گەشتە زانستییانەش لێکۆڵەرەوەکان بۆ وڵاتانی تر دەیانکرد هونەرمەندانیان لەگەڵدابووە کەلەوێدا دۆکۆمێنتی گەشتەکانیان دەکرد. لەهەمانکاتیشدا زۆرێک لە مۆزەخانەکانی خۆرئاوا بەرهەمە هونەرییە جیاوازەکانی کولتورەکانی تریان نمایشدەکرد. نمایشکردنی ئەم کارە جیاوازانە لەوکاتەدا بۆ هونەرمەندە خۆرئاواییەکان خۆی لە خۆیدا نمایشکردنی چەند پێگەیەکی جیاوازتربو لە مێژوویی ئێستێتیکی هونەری خۆرئاوا . (Klengel 1994: S 216)

گرنگی بەریەکەوتنی هونەری مۆدێرن لەگەڵ فۆرمە هونەرییەکانی کولتورەکانی تر پێگەیەکی ئێستێتیکی جیاوازتری لە مێژووی ئێستێتیکی هونەری مۆدێرن نمایشکرد. لێرەوە هونەرمەندانی خۆرئاوا بونە هەڵگری دیدێکی ئێستێتیکی نا-ڕەها (رێژەیی) جیاواز لەوەی هونەری مۆدێرن بانگەشەی بۆدەکرد. ئەم بەریەککەوتنەش لەگەڵ کولتورەکانی تر وایکرد هونەرمەندانی خۆرئاوا لە دەرەوەی پێگەی کولتوری خۆیانەوە سەیری هونەری مۆدێرن بکەن.

**سوریالییەکان:**

دەرکەوتنی مانیفێستی سوریالییەکان لە ١٩٢٤(٣ ) (فۆتۆ.٤) رەخنەیەك بوو لە مێژووی هزری ڕاشنالیتی کولتوری خورئاوا. ئەمەو سوریالییەکان تەنها گرنگییان بە بابەتەکانی نەست و خەو و ئەفسانەی نەدا، بەڵکو گرنگیان بە کولتوری وڵاتانی دەرەوەی خۆرئاواشدا کە تا ئەو ساتە وەك کولتورێکی سەرەتایی (Primitive) سەیردەکرا. خۆی لەخۆیدا مانیفێستی سوریالییەکان ڕەخنەگرتن بوو لە دیدی سەنترالیزمی (نێوەندگەرایی) ئەوروپی کە لە سیاسەتی کۆلۆنیالیزمدا خۆی دەبینییەوە. بەڵام بەشێک لە هونەرمەندە سوریالیە شێوەکارەکان لەسەرەتادا لەژێرکاریگەری ئەم دیدەدا بون وێنەی کولتورە نا خۆرئاواییاکان لە کارە هونەریەکانیاندا وەك دیاردەیەکی نامۆ پێشاندەدرا. ئەمەش بەئاشکرا لە کارەکانی هێنری روسۆ و ماکس ئێرنست دەبینرا. بەڵام کێشەکە ئەوە بو ئەم هونەرمەندانە لەسەرەتای بیستەکان لە پاریس کە وێنەیان لەسەر کلتورەکانی تر بەرهەمیان دەهێنا، ئەو وێنانە لە خەیالی ئەو هونەرماندانەوە بەرهەمدەهات نەک ئەم هونەرمەندا لەوڵاتەکانی تردا ژیابوبێتن، بۆیە ئەم وێنانە زۆر کات کلتورەکانی تری وەک نامو و سەیر وێنادەکرد. (Klengel 1994: 39)

لە ١٩٢٩ میشایل لێرس (Michel Leiris ) لە دوای هاتنەدەرەوەی لە گروپی سوریالییەکان وەك ئیتنۆلۆژیک چەند گەشتێکی زانستی بۆ ئەفەریقا ئەنجامدەدات و، بە دیدێکی ئۆبژێکتیڤانە یان زانستییانە لێکۆڵنەوەکانی ئەنجام نەدەدا، بەڵکو وەك هونەرمەندێک خۆی لەناو پرۆسەی لێکۆڵینەوەکاندا دەبینێتەوە. ئەم پەیوەندییە هونەرییانەی لێرس لەگەڵ ئێتنۆلۆژیادا، والەم هونەرمەندە دەکەن بە دیدێکی هونەری و زانستی جیاوازتر کاربکات و دەرگا لە سنورەکانی هونەر لەبوارەکانی تری کۆمەڵگا بکاتەوە. واتە لیریس ئامانجی ئەوە بو کە هونەر تەنها بە کێشە ناوەکییەکانی خۆیەوە سەرقاڵنەبێت، بەڵکو لەگەڵ بەشە زانستییەکانی تر لە پەیوەندابێت و ریالیانەتر (واقعیانەتر)

ڕەفتاربکات. لێرەوە تێگەیشتن بۆ هونەر گۆڕا و هونەریش لە پەیوەندیدابو بەجیهانی دەرەوەی خۆی. بەواتایەکی تر تێگەیشتن لە هونەر تەنها بە جیهانی خودی هونەرەوە پەیوەست نییە، بەڵکو هونەر لەگەڵ کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە.

**تەوەری سێەم: هونەری شێوەکاری هاوچەرخ**

چەمکی هونەری هاوچەرخ contemporary art (هونەری ئێستا) ڕوونکردنەوەی کەمێک ئاڵۆزە و تێکەڵبوونێکی چەمکیانەی لەگەڵ هونەری مۆدێرنەدا هەیە. چونکە هونەری مۆدێرنە بەشێوەیەکی گشتی لە ١٨٧٠ دەستپێدەکات و خۆی بە هونەری سەردەم دەزانی و خۆیشی لە پرۆسەیەکی دانەخرا و بەردەوامدا دەبینێتەتەوە. ئەم پرۆسەیە کە تا ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیست بەردەوام دەبێت تا ئەو دەمەی دیاردەیەکی تر سەرهەڵدەدات کە هەندێک لە مێژووناسان ناوی دەنێن پۆست مۆدێرنە. لەگەڵ ئەو نزیکایاتیەی هونەری هاوچەرخ هەیەتی لە گەڵ هونەری مۆدێرنە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چەمکی هونەری هاوچەرخ بۆ ئەو شێوازە هونەریانە بەکاردێت کە لە دوای ساڵانی ٦٠ کانەوە دروستبوون و خۆیان لە هونەری مودێرنە جیادەکەنەوە بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە بۆ هەندێک لە تێۆریزەکەرانی هونەر تا ئێستاش بە پرسیارێکی کراوە ماوەتەوە.

بەم پێیە ئەو وەرچەرخانە هونەریەی سوریالییەکان هێنایانە سەر دیسکۆرسی هونەری، کاریگەری گەورەی لەسەر هونەری شێوەکاری هاوچەرخ جێهێشت، بەتایبەتی لە هونەری کونسێپت Concept Art . هەڵبەتە کۆنسێپت ئارت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و زانستی و سیاسیەکاندا دەبینیەوە. بەپێی کۆنسێپت ئارت بێت، تێگەیشتن لە هونەر نابێت لەو سیستەمە کومەڵایەتی، کولتوری، سیاسی و ئابوورییەی کە ئەو هونەرەی تێدا بەرهەمهاتووە، جیابکرێتەوە و، کاری هونەریش پەیوەندی بە شوێن و کۆنتێکستی بەرهەمهێنانەکەیەوە هەیە. بەم شێوەیە بابەتە هونەرییەکان دەچنە ناو شوێنە گشتیی و دامەزراوەکان و زیاتر لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا لە پەیوەندیدا دەبن.

**جوزیف کوسوت**

جوزیف کوسوت Kosuth Joseph یەکێکە لەو هونەرمەندە سەرەکییانەی کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دروستبوونی کونسێپت ئارت لە بەریتانیا و ئەمەریکا هەیە. لای کوسوت هونەر شیوازێکی کارکردنە وەك هەموو شێوازە زانستیەکانی تر (فەلسەفی و ڕامیاری یان ئیتنولۆژی). کوسوت دەیەویست پێگەی هونەر لەناو ژیاندا بەهێز بکات و، هونەر بە شێوازێکی تر و ڕاستەوخۆتر لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگادا مامەڵەبکات. بەم پێیە ئەم هونەرمەندە دەیەوێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هونەردا وەك لێکۆڵەرەوەیەك کاربکات.

لە ١٩٧٣ بو ١٩٧٤ کوست ئەنترۆپولۆژی کولتوری دەخوێنێت و لە ساڵی ١٩٧٥ ش لەو تێکستەی لە ڕۆژنامەی فۆکس "The Fox„ بە ناوی هونەرمەند وەک ئەنترۆپۆلۆگ The Artist as Antropologist بڵاوی کردەوە هونەرمەند وەك ئەنترۆپۆلۆژێک دەبینێت. بە پێی کوسوت هونەر دەبێت بو پێداویستییەکانی هوشیاری کۆمەڵایەتی کاربکات وەك لێکوڵەرەوەیەك یان وەك ئەنترۆپۆلۆژێك لەناو کایە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکاندا پێگەیەکی بەهێزی لە واقعدا هەبێت. بەڵام کۆسوت جیاوازی لە نیوان هونەرمەند وەك ئەنترۆپۆلوژ و میتۆدی زانسی ئەنتروپۆلوژی کلاسیکدا دەکات، چونکە زانا ئەنتروپۆلوژەکان لە وڵاتانی دەرەوەی خۆیان دەکۆڵنەوە و وەک چاودێرێک لە کولتوری دەرەوەی خۆرئاواوە دەڕوانن. بەپێچەوانەوە هونەرمەندی ئەنتروپۆلۆژ وا پێویستدەکات لە کۆمەڵگەی خۆی بکۆلیتەوە و، پۆلی کارکردنی ببێتە سیستیمی کولتوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی. کەوابێت ئەو میتۆدە زانستییەی کە

ئیتنۆلۆژەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە کولتورەکانی تر بەرهەمیان هێنابوو لە ئێستادا دەکرێت سودیان لێوەربگیرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کولتوری خۆیی. (Kosuth1981: S 116) "هونەر دەبێتە جۆرێك لە توێژینەوە (رسێرچ) و لە تێگەیشتنی ئارشیڤەوە سەردەردێنێت و خوێندنەوە بۆ کەرەسەی سەرچاوەکان دەکات. ئەم کەرەسەی سەرچاوانە دەشێت بریتیبێت لەو شوێنەی کە هونەرەکە خۆی تێیدادەبینێتەوە، بەڵام دەشێت ئەم کەرەستەی سەرچاوانە لەلایەن مێژووی هونەر و فەرمانگەیەکی کار و ئەنستیتوتێکی کۆمەڵایەتی یان مۆزەخانەیەکی ئێتنۆلۆژیە وە بخرێنەڕوو، بەڵام ئەوەی لێرەدا کارێکی پێوریە بریتییە لە میتۆد، بۆ ئەوەی کۆنتێکستەکە، کە کارە هونەرییەکان تێیدا بەرهەمدێن بکات بە بابەتی خەریکبوونی هونەری -شرۆڤەیی. لەم رێگایەشەوە هونەر دەبێت بە ئامرازی خۆچاودێریکردنی کۆمەڵگەو، ئامرازی رەخنە و شرۆڤەی دامەزراوە سۆسیالەکان "(Weibel 1994: XIII)

**یۆزیف بویس**

یەکێك لەو هونەرمەندانەی لە شەستەکانەوە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر گەرانەوەی هونەر بۆناو ژیانی رۆژانە هەیە، یۆزیف بۆیسە Joseph Beuys . بۆیس کار لەسەر ئەو بنەما سەرەکیانە دەکات کە "هەموو کەسێك هونەرمەندە". بەڵام بە بۆچونی ئەم هونەرمەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو کەسێك نیگارکێشە یان پەیکەرسازە، بەڵکو هەموو کەسێك لە سروشتەوە توانای داهێنانی هەیە و، داهێنانیش سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتییە و بە تەنها مولکی نوخبەیەکی دیاریکراو نیە. هەڵبەتە هونەر لای بۆیس بریتیە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی هونەریش بە بەشداریکردنی هەموو چینە جیاوازەکانی کومەڵگەوە دەکرێت نەك تەنها بەهۆی دامەزراوە هونەریی و گەلەری و موزەخانەکانەوە. لەهەمانکاتدا دامەزراوە هونەریەکانیش دەبێت خۆیان بە رووی خەڵکدا بکەنەوە. (Beuys1992: S. 41–63)

لە ساڵی ١٩٦١دا کاتێك بویس دەبێت بە مامۆستا لە ئەکادیمیای دوسڵدۆرف لە پۆلەکەیدا تەنها قوتابیانیان ئامادەی وانەکان نەبون، بەڵکو هەموو کەسێك مافی ئامادەبونی هەبوە. ئەکادیمیای هونەر کە شوێنی هونەرمەندانە بۆیس پێی باشتر بو ئەم شوێنە لە ژیانی رۆژانە نزیک بکاتەوەو، ئەوەبو لە ١٩٦٧ پۆلەکەی بویس بوبە سەنتەری بزووتنەوەی قوتابیانی نیونەتەوەیی (APO )و هەر لەهەمان ساڵیشدا پارتی قوتابیانی دامەزراند تا زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی سەربەخو لەناو کۆمەڵگەدا کاربکات و شوێنێکی کراوەشبێت بۆ هەموو کەسێك. ئەم چالاکییانەی بویس کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر دۆخی ئەو ساتەی ئەکادیمیای دوسلدۆرف و رووبەڕووی هەموو سیستەمی پەروەردەی هونەری و وەزیفەی ئەکادیمیا بووەوە. ئەم هونەرمەندە هەموو قوتابییەکی بەبێ هیچ تاقیکردنەوەیەکی هونەری لە پۆلەکەیدا وەردەگرت و هیچ پێوەرێکی بۆ جێاکردنەوەی کەسی داهێنەر لە کەسێکی دی دانەدەنا. ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیی کە ناوبراو پێوایە "هەموو کەسیك هونەرمەندە". لەم بارەیەوە دەکریت ئەوە بوترێت کە، ئەم بۆچوونەی بۆیس لە لیڤی شتراوسەوە نزیکە، کاتێک کە شتراوس لە (هزری کێوی) دا باس لەوە دەکات کە هزری زانستی خورئاوا تەنها هزرێکی رەهاو لۆگیکی نییە، بەڵکو کولتورەکانی تری دەرەوەی خۆرئاوا بە هەمان شێوە لە رێی هزری ئەفسانە و بەرهەمە کولتورییەکانیانەوە دەربرینێکی لۆگیگی خویانیان بۆ جیهان هەیە. چونکە شتراوس هەموو بەرهەمە کولتورییەکانی وڵاتانی دەرەوەی خۆرئاوا وەك قوناغیکی سەرەتایی سەیرناکات، بەڵکو وەك شێوەیەکی تر لە هزری زانستی خۆرئاوایی. بەپێی شتراوس کولتورەکانی دەرەوەی خۆرئاوا خاوەنی داهێنان و دیدی جیاوازن و توانای داهێنانیش هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا بوونی هەبوە. ( Beuys1992: S. 41–63)

سەرباری ئەوی لای سەرەوە وترا، بویس کاری هونەری وەک پرۆسەیەکی کۆمۆنیکەیشن لە پەیوەندی نێوان

کەسەکاندا دەبینیتەوە و، هونەرمەندیش وەک ئەوە دەبینێتەوە کە دەبێت شوێنێك بۆ بەریەك کەوتنەکان دروستبکات و پەیوەندی لە نێوان شتەکانیش بدۆزیتەوە، بەڵام ئەو پەیوەندییانە بە تەنها لەناو جیهانی هونەردا بونیان نییە بەڵکو لە ئەزموونی خودی کەسەکان و هزری ئەفسانەیی و هەمـوو ئەو زانیارییـانەی لەنـاو بیـرەوەری کولتـوری کـۆمەڵگەدا ئامادەیە بوونیان هەیە، کە دەکرێت گشت ئەمانەش نەك بە تەنها ئەو بابەتە تیۆرییانەی ناو مێژووی هونەر و زانستی هونەر کە لە ئەکادیمییە هونەرییەکاندا دەخوێنرێت ببنە ماترياڵی هونەری. هاوکات رەخنەی ئەم هونەرمەندە ئەڵمانیە لە سیستەمی هونەری مودێرن ئەوەیە، کە سیستەمی هونەر وەك سیستەمیکی داخراو ماوەتەوە و هونەر لە دووبارە بەرهەمهێنـانەوەی ماناکـانی نـاو خـودی سیسـتیمی هـونەری بەردەوامەو لە کێشـە رۆژانەیەکـانیش دابـراو، هـیچ کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر ژیان نەماوە.

یەکێک لەو کـارانەی بـۆیس لە ۲۱ /٥ /۱۹۷٤ لە گەلەری René Block لە شـاری نیویـۆرک ئەنجـامی دەدات پـرۆژەی "من ئەمەریکام خۆش دەوێت و ئەمەریکاش منی خۆش دەوێت I like America

and America likes Me " بوە (فۆتۆ ٥). بۆیس لەم پرۆژەیەدا رەخنە لە سیاسەتی کولتوری ئەمەریکا دەگرێـت، کە لە رابردوودا بەرامبەربە دانیشتوانە رەسەنەکانی ئەمەریکا کردوەیەتی لە داگیرکـردن و سـڕینەوە و راگوێزانیـان لە شوێنەکانی خۆیانەوە شوێکی تر و تێکدانی هەموو بنەمـا کولتـوری و کۆمەڵایەتیەکانیـان. (Schilling1978: S138) بیرۆکەی ئەم کارەی بۆیس ئەوەیە کە دەیەوێت بچێـتە ئەمەریکـا بەڵام بەو مەرجەی پەیوەنـدی لەگەڵ ئەم ئەمەریکـا تازەیەدا نەکات، بۆیس کە دەگاتە فرۆکەخانە بە لباد دەپێچرێتەوەو دواتر دەخرێتە ناو سـەیارەیەکی ئەمبولانسـەوە و دەبرێتە گەلەرییەکە، کەلەوی تەنهـا ئـاژەڵێکی لێـیە کە پێـی دەوترێـت کـایۆت coyote ( ئـاژەڵێکی شـێوە گـورگە کە لە ئەمەریکادا دەژی و سمبۆلیکی رۆحی ناو ئەفسانەی دانیشتوانە رەسەنەکانی ئەمەریکایە). بۆیس بۆ ماوەی ۷۲ سەعات لە گەلەریـیەکە لەگەڵ ئەو ئـاژەڵە دەمێنێـتەوە و دەیەوێـت تەنهـا لەگەڵ ئەو کـایۆتەدا لە پەیوەندیـدابێت لە دوای تەواوبـوونی پـرۆژەکە بە هەمانشـێوە بـۆیس دەپێچـرێتەوە و دەبـرێتەوە بـۆ فرۆکەخـانە و لەوێـوە بەرەو ئەڵمانیـا دەگەڕێتەوە.

بۆیس پێی وایە، کە دیالۆگ لە گەڵ ئەو کلتورانەی تردا مەرج نیە لەرێگای مـرۆڤەوە بێـت زۆر جـار ئەوە هێـزە بـالا لەبیـر کـراوانە دەکرێـت لە رۆحـی ئاژەلیکـا خـۆی بەرجەسـتە بکـات."کاتێکـدا مـن هەوڵـدەدەم لەگەڵ بـوونەوەرە ڕۆحییەکانی ئەم سەرجەمێتییە قسەبکەم پرسیارێک سەرهەڵدەدا ئایا کەسێک ناتوانێ لەگەڵ ئاژەڵانیش، کە ئەوانیش بوونەوەری ڕۆحی باڵاترن گفتوگۆبکات. ڕۆحی کایۆتی زۆر گەورەیە کە مرۆڤ ناتوانێ لێی تێ بگات کە ئەم بونەوەرە چییە یان دەتوانی لە داهاتوودا چی بـۆ مرۆڤـایەتی بکـات. مـن بـاوەڕ دەکەم پەیوەنـدیم دروسـتکردووە لەگەڵ خـاڵی سایکۆلۆژیی تراومای شێوازی وزەی ئەمریکی: هەموو تراومای ئەمریکی لەگەڵ هیندییەکان، پیاوی سوور. تۆ دەتوانی بڵێی تەنیا ئەوکات ئەو تراومایە دەتوانرێ چارەسەر بکرێ کە لە کۆیـۆتی بکـۆڵرێتەوە" (Kuoni 1990:S 141) ئەوی بۆیس لێرەدا ڕەخنەی لێدەگرێت شێوازی بە شارستانیکردنی وڵاتی ئەمەریکایە کە لێکترازانێکی لە نێـوان سروشـت و کولتور دروستکردوە کە بۆیس دەیەوێت لەم پرۆژەیەدا بەرجەستەی بکات، کە ئەمەش پەیوەنـدییەکی زۆر تـایبەت و نزیک لەگەڵ سروشت و ژیانی سادەی مرۆڤەکان دروستدەکاتەوە.

**مارسێل بروتارس**

مارسیل بروتارس Marcel Broodthaers لەو هونەرمەندە دیارانەیە کە لە دوای بویسەوە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر رەخنە لە دامەزراوە هونەرییەکان هەیە بەتـایبەتی مۆزەخـانە. لە سـاڵی ۱۹۷۲ لە پێشـەنگایەکدا بەنـاوی " داڵـی

ئولیگـوزین تـا ئەمـڕۆ (Der Adler vom Oligozän bis heute) " بروتـارس ٢٨٥ بـابەت (ئۆبژێکـت) کە لەسـەر داڵ کـۆیکردۆتەوە نمایشـەدەکات، ئەم بابەتـانە تەنهـا لەنـاو مۆزەخانەکـانی مێـژووی هـونەری و ئـارکۆلۆژی و ئیتنولـوژی کۆنەکراونەتەوە و کەرەستەکانیش بەتەنها وێنە یان بـابەتی هـونەری نـین، بەڵکـو هەر دوکومێنتێـک کە پەیوەنـدی بە داڵەوە هەبوبێت نمایشکراوە. بۆ نمونە لە سمبۆڵی ناسیۆنالیستییانەی سەری لۆگۆی سەربازی و پـارتە سیاسـییەکانەوە بگرە تا سەر جلوبەرگ و هەر وێنەیەکی داڵی سەر هەر بابەتێک یان کەرەستەی سروشـتی داڵ خـۆی وەک هێلکە یـان پەڕ یان داڵی وشککراو دەگرێتەوە. لە نمایشەکەدا لەژێـر هەمـوو ئەو بابەتـانەی کە کـۆی کـردۆتەوە نووسـراوێك هەیە "ئەمە هـونەر نیـیە" (فۆتـۆ٦) (Broodthaers,1972: S,132 )بروتـارس دەیەوێـت داڵ وەک مانـای دەسـەڵات لەنـاو هەموو کایەکانی ژیندا پیشانبدات. بۆنمونە نیشاندانی پەیوەندی مانای دەسەڵات لە ژیانی رۆژانە کە ئێمە تێدا دەژێـن و نـابینین. هاوکـات ئەم هونەرمەنـدە بەلجیکیە لەرێـﯼ ئەو نوسـێنەوەی کە "ئەمە هـونەر نیـیە " پەیوەنـدی نێـوان بابەتی نمایشکراو و ئەو مانایەی کە مۆزەخانە بەو شتانەی دەبەخشێت لەیەکدابڕێت. (Broodthaers,1972: S,132)

بروتارس کێشەی مۆزەخانە لەوەدا دەبینێتەوە کە بەها کولتورییەکانی ئۆبژێکتە نمایشکراوەکانی ناو مۆزەخانەکان بەرزتر پیشانبدرێت لەو ئۆبژێکتانەی کە لە ژیانی رۆژانەدا بەکاردەهێنرێت. بە نمـوونە بەهـای کولتـوری ئەو قـاپەی لە مۆزەخانەیەکـدا دەبینرێـت بەهـای ئەو قـاپەی نیـیە کە لە مـاڵەوە نـانی لەسـەر دەخورێـت تەنـانەت ئەگەر لەهەمـان جۆریشبن. چونکە مۆزەخانە مانای ئەو قاپە لە ئۆبژێکتێکی بەکارهاتوی نـاو ژیـانی رۆژانە دەگـوازێتەوە بـۆ مانـایەکی مێژوویـی هەمیشـەیی کە لە واقیعەوە ئەو ئـۆبژێکتە دەردێنێـت و بـۆ داهـاتوو دەیپارێزێـت. رەخـنەکەی بروتـارس لەوەدایە کە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەم ئۆبژێکتانە بۆ ناو ئەو مێژووە هەمیشەییە پەیوەندی بە ستراتیژی مۆزەخـانە و ئەو سیاسـەتە کولتـورییەوە هەیە کە لە پشـت ئەو مۆزەخـانەیەوە کاردەکـات. کەواتە هـوڵی مۆزەخانەکـان واقیـع نمایشناکەن بەڵکو خەیاڵێکی(Fiction) دیاریکراو لەسەر واقیع بەرهەمدەهێنن.

بروتارس، وەك میشیل فوکۆ، دەگەڕێتەوە ناو کایە کولتوورییەکان و ئەو مانا مێژووییەی کە بە ئۆبژێکتەکان دراوە هەڵدەوەشێنێتەوە و پەیوەندی بەرهەمە کولتورییەکـان و سیسـتەمی دەسـەڵات دەردەخـات و دەشـچێتە نـاو واقعـی ئۆبژێکتەکان و مانا چەسپاوەکانی ئەو واقیعە لە یەك دادەبڕێـت کە مۆزەخـانە لە رێـی فیکشـنێکەوە بەو ئۆبژێکتـانەی بەخشیوە. لێرەوە برورتارس خودی زانین بەرەو دۆخێکی ناسەقامگیر دەبات و پێوادەبێت کاری هونەری پرۆسەیەکی داخراو یان راستییەکی رەها بەرهەمناهێنیت، بەڵکو هونەرمەند وەك لیکۆڵەرەوەیەك بەنـاو کێشـەکاندا ئەگەڕێـت و لە نـاو جیاوازیەکانیشـدا پەیوەنـدیەکان دەردەخـات. واتە هونەرمەنـد راسـتیەکی تـر لەرێـی کـارەکەیەوە بـۆ واقـع دروستناکات، بەڵکو راستییە رەهاکانی ناو واقع هەڵدەوەشینیتەوە و هەموو جارێکیش دۆخێک بۆ بینەر دروستدەکات کە واقعی خۆی لەناو پەیوەندی جیاوازی تردا ببینێتەوە

**هونەری شێوەکاری دوای نەوەدەکان**

کاریگەری ئیتنۆلۆژی لەسەر هونەری هاوچەرخ وایکرد کە هونەری شێوەکاری لە خۆرئاوا بە جۆرێکی تـر مـامەڵە لەگەڵ کولتوری خۆیدا بکات و کاری هونەریش دەبێتە ئامرازیک بۆ پێشاندانی دیـدە جیاوازەکـان نەک گەڕان بە دوای دیـدێکی رەهـادا. لەهەمانکاتـدا دامەزراوە هونەرییەکـان و ئەو شـوێنانەی کە کـاری هـونەری تیـدا بەرهەمهـاتووە، پەیوەندییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی هونەر دەخەنە ژێر پرسـیارەوە. ئەم گۆڕانکارییـانە هۆکارێـک بـوون بۆ هەڵوەشاندنەوەی دیدی خۆرئاوایی سەبارەت بە مێـژووی هـونەری مـۆدێرن کە وەک کۆتـای مێـژووی هـونەر سـەیر دەکرا ئەو مێـژوەی کە کولتـوری خۆرئـاوا نوسـیویەتەوە. " کۆتـایی "مێـژووی هـونەر"، وەکـو ئێسـتێکی پێویسـت و

چاوخشانێک بە خەسڵەتی خەیاڵیی مێژووی هونەری نووسراوی مۆدێرنە، دیدگاکان بۆ وەزیفەیەکی گەورەتر ئازاد دەکەن: ئەویش تەماشاکردنی کولتووری خۆتە لە نێگای ئێتنۆلۆگێکەوە." (Belting 1995: 178) رەخنەکە لەوەدا بوو کە ئەم هونەرە وەک هەر هونەرێکی کولتورەکانی تر لە کۆنتێکستێکی تایبەتدا بەرهەمهاتبو و نەشدەکرا وەک هونەریکی یونیڤێرسال سەیربکرێت ئەمە لە کاتێکدا هەموو کولتورەکان خاوەنی دیدێکی تایبەت بە خۆیانن. بۆیە دیدی هەڵوەشانەوەگەری بۆ هونەر دیدێکی جیاوازی تایبەت بە خودی کولتوری خۆرئاوای بەرهەمهێنا. لە پاش ئەوەوە قسەکردن زۆرتر هاتە سەر تێکەڵکردنی کولتورەجێاوازەکان بەیەکتر. سەرباری ئەوە، لە دوای نەوەدەکانەوە چەند چەمکێکی تر کەوتە بەر باس لەوانە چەمکی ترانس کولتور Transculturality لەسەردەستی فەیلەسوفی ئەڵمانی ڤولفگانگ ڤێلش Wolfgang Welsch . بەپێی تێکەیشتنی ئەم فەیلەسوفە ترانسکولتور دەبێتە هۆی نەمانی سنوورەکان و لەم رێیگایەشەوە ئەم ترانسکولتورە دەکرێت ببێتەماییە نەمانی ئەو دوالیزمەی کە لە نێوان کولتوری خۆرئاوا و کولتوری ئەوانی دیدا بەدیدەکرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە تا ئەم دوالیزمە بوونیهەبێت، پەیوەندی دەسەڵات لە نێوان کولتوری باڵادەستی خورئاوا و کولتورەکانی تر بەردەوام دەبێت. لە دوای نەوەدەکانیشەوە هاتنی پرۆسەی گلۆبال ئاماژەیەک باش بۆ دروستبونی "کولتور تێکەڵ" hybrid culture وێرای ئەوەی باسکرا ، لە ساڵی ١٩٩٧ دوکۆمینتای ١٠ documenta x (٢) بە سەرپەرشتی کاترین داڤید Catherine David رێکخرا. لە دکۆمێنتای ١٠ بۆ یەکەم جار هەوڵدرا کە هونەرمەندانی کولتورەکانی تر لەناو هونەری خۆرئاوادا بەشداربن و، ئەم تێکەڵکردنەش بوە سەرەتایەک بۆ دروستبونی هونەریکی گلۆبال. لە دۆکۆمەنتای دواتردا، واتە لە دۆکۆمێنتای ١١، لەساڵی ٢٠٠٢ بەسەرپەرشتی ئۆکو ئینزۆر Okwui Enwezor و، لەسەرهەمان رێچکەی دۆکۆمێنتای ١٠و بە بەشداریکردنی زۆرینەی هونەرمەندانی دەرەوەی خۆرئاوا ( رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئەفەریقا، ئاسیا، ئەمەریکای باشور) وەک هەموو ساڵیک دوکۆمەنتا بەتەنها لە شاری کاسل نمایشەکانی ئەنجام نەدەدا، بەڵکو بەسەر ٥ پلاتفۆرمدا دابەشیدەکرت ( نەمسا، هند، نیجیریا، دورگەی کاریبیک و شاری کاسل). ئەمەش بەلگەیە لەسەر هەڵوەشاندنەوە ئەو تێگەیشتنەی کە خۆرئاوا سەنتەری هونەرنیە(Kat. Ausst:S 1999).

**دەرئەنجام**


لێرەوە دێینەسەر دوا دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و بەوە دەستپێدەکەین کە ئێتنۆلۆژی ئەو جۆرە گۆرانکاریەی هێنایەسەر هزری زانستی خورئاوا کە ئێتنۆلۆژی هزرێك نییە خاوەن لۆژیکێکی رەها بێت، بەڵکو کولتوورەکانی تری دەرەوەی خۆرئاوا بەهەمان شێوە دەربرینێکی لوجیگی خۆیان بۆ جیهان هەیە. کەواتە داهێنان و بەرهەمهێنانی هزر بە هەموو کولتوورێکەوە پەیوەستە و توانای داهێنانیش هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا لەناوگشت کولتوورێك بوونی هەیە .

ئەو گۆرانکارییانەش ئێتنۆلۆژی هێنایەکایەوە کاریگەری لەسەر هونەری هاوچەرخ لە دوای شەستەکانەوە بە ووردی دانا و، لەلایەك بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی مێژوویی هونەری شێوەکاری خورئاوایی ،کە لە یۆنانەوە تا هونەری مۆدیرن ئەم هونەرە بەردەوامبوو و خۆی وەك هونەرێکی یونیڤیرزال خستەروو. لەلایەکی تر رەخنەی ئاراستەی سەنترالیزمی هونەری خۆرئاوا کرد کە کولتورەکانی تر خاوەنی دیدێکی تایبەتی خۆیانن ناشێت فەرامۆش کرێن . ئەمەش وایکرد لە دوای نەوەدەکانەوە ،بە تایبەت لە دۆکۆمێنتای ١٠، باس لە هونەریکی جیهانی بکرێت کە هەموو کولتورەکان تێیدا بەشداربن و،لە دوای هاتنی پرۆسەی گلۆبالیزمیش بەئاشکرا باس لە تێکەڵبوونی کولتورە جیاوازەکان دەکرێت. گومانیشی ناوێت ئەو گۆرانکارییانەی هاتنەسەر دیدی خۆرئاوا کاریکردە سەر

پەیوەندییە کولنووریەکانی لەگەڵ کولتورەکانی دەرەوەی خۆی، بەڵام کیشەی کۆمۆنیکەیشنی کولتـوری لە سـەردەمی گلۆبال یەکیکە لە هەرە بابەتە ئاڵۆزەکانی ئێستای ناو تیۆرییە کولتورییەکان بە هونەریشەوە. بـۆیە تاچەنـد پەیوەنـدی کولتوری گلۆبال و دەسەڵاتی سیاسی ئابووری کولتورە باڵادەستەکان لەتەك یەك لە کۆمۆنیکەشنیکی ئازادن جارێ هەر وەک پرسیار ماوەتەوە.

فۆتۆکان:






1-Salvador Dali, *Premonition of Civil War*, 1936

2. Max Ernst. The Robing of the Bride.1940







3. Henri Rousseau .The Equatorial Jungle,1909 Oil on canvas ,

4. André BRETON - Manifeste du surréalisme

Edition:1924

,



5. Joseph Beuys: I Like America and America Likes Me, 1974 René Block Gallery.



6. Musée d'Art Moderne - Département des Aigles, Section des Figures", Städtische Kunsthalle, Düsseldorf.

**پەراوێز:**

1 - یونیڤێرزالبونی هونەری شێوەکاری مۆدێرن لە خۆرئاوا، بەشێکی پەیوەندی بە پرۆسەی کۆلۆنیالیزمەوە هەیە، لەوڵاتە داگیرکراوەکاندا کە ئەم دیدە هونەریە بڵاوکرایەوە.

2 - گرنگترین پێشەنگەیە لە جیهان هەموو ٥ ساڵ جارێک دەکرێتەوە لە شاری کاسل لە ئەڵمانیا.

**سەرچاوەکان:**


1. Andre Breton ،Erstes Manifest des Surrealismus ،in: Metken ،Günter (Hrsg.) ،Als die Surrealisten noch recht hatten. Texte und Dokumente ،Stuttgart 1976
2. Beuys, Joseph: „Jeder Mensch ist ein Künstler. Aufdem Weg zur Freiheitsgestaltdes sozialen Organismus. Vortrag am 23. Mai in Achberg.“ In: Beuys: Kunst = Kapital.Achberger Vorträge, Wangen 1992
3. Breton zit. in: Piechotta/Rothemann: Die literarische Moderne in Europa :Formationen der literarischen Avantgarde ،1976

4. Broodthaers, in: Kat. Ausst. Der Adler vom Oligozän bis Heute, Düsseldorf ،1972
5. *Butin*, *Hubertus*: DuMonts *Begriffslexikon zur zeitgenössischen Kunst*.Köln, DuMont Buchverlag, *2006*
6. Carin Kuoni ،Energy Plan for the Western Man: Joseph Beuys in America ،Four Walls Eight Windows ،NYC ،1990
7. Claude Lévi-Strauss: Das wilde Denken. Suhrkamp ،Frankfurt am Main 1968
8. Eric Schott, Selbstverpflichtung. Etho-Ästhetik und Subjektivierung bei Foucault, in: Paul Janssen und Rudolf Wansing (Hrsg.), ErSchöpfungen. Philosophie im 20. Jahrhundert in ihrem Verhältnis zur Kunst, Köln 1997
9. Foucault, Michel: Diskurs und Wahrheit: Berlin 1996
10. Gente (Hrsg.) ،Foucault und die K*ünste ،Frankfurt 2004*
11. Hans Belting: Das Ende der Kunstgeschichte. Eine Revision nach zehn Jahren, München 1995
12. Joseph Kosuth, Der Künstler als Anthropologe, in: Kat. Ausst. Joseph Kosuth. Bedeutungen von Bedeutungen, Staatsgalerie Stuttgart 1981
13. Kat. Ausst. Kunstwelten im Dialog, Köln 1999
14. Peter, Weibel ،Die Diskurse von Kunst und Macht: Foucault ،in: Peter Gente (Hrsg.) ، Foucault und die Künste ،Frankfurt ،2004
15. Peter Weibel ،Kontextkunst. Zur sozialen Konstruktion von Kunst ،in: Vorwort ،in: ders.1994
16. Ramaswamy, M. Krischke, ethnologie für Anfänger: Eine Einführung aus entwicklungspolitischer Sicht Westdeutscher Verlag Opladen, 1985
17. Schilling, Jürgen: Aktionskunst, Identität von Kunst und Leben? Eine Dokumentation, Frankfurt am Main 1978.
18. Susanne Klengel ،Amerika-Diskurse der Surrealisten. "Amerika" als Vision und als Feld heterogener Erfahrungen Stuttgart: J. B. Metzler Verlag 1994

**سەرچاوەی فۆتۆکان:**

1. Salvador Dali، *Premonition of Civil War* ،1936
https://www.pinterest.com/pin/112730796898577736/
2. Max Ernst. The Robing of the Bride. Oil on canvas.1940
http://culturemechanism.blogspot.com/2013/03/robing-of-bride-by-max-ernst.html
3. Henri Rousseau. The Equatorial Jungle ،1909
https://www.pinterest.com/pin/399483429433060550/?lp=true
4. 4. André BRETON - Manifeste du surréalisme ،Edition:1924
http://blog.pietmeyer.ch/2016/09/
5. Joseph Beuys: I Like America and America Likes Me ،1974 René Block Gallery.
http://www.johnvalentino.com/Teaching/Art390/Projects/390Proj3/JosephBeuys.html
6. 6.Musée d'Art Moderne - Département des Aigles ،Section des Figures" ،Städtische Kunsthalle،Düsseldorf https://www.google.com/culturalinstitute/beta/asset/mus%C3%A9e-d-art-moderne-d %C3%A9partement-des-aigles-section-des-figures-st%C3%A4dtische-kunsthalle-d%C3%BCsseldorf/WwFEul5dtu5fUg?hl=fr